# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## خوشکەکەی قووزی چی گوت؟

Skrevet av: Nina Orange
Illustret av: Wiehan de Jager
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/3.0/deed.no

# خوشکەکەی قووزی چی گوت؟

Nina Orange
Wiehan de Jager
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 4

(uten bilder)

بەیانییەکی زوو داپیرەی ڤووزی بانگی کرد: “ڤووزی کوڕم، وەرە ئەم هێلکەیە ببە بۆ دایك و باوکت. ئەوان دەیانهەوێ کیکێکی گەورە بۆ زەماوەندی خوشکەکەت دروست بکەن.”

لە ڕێگای چوون بۆ لای دایك و باوکی، ڤووزی دوو کوڕی بینی کە خەریکی میوە لێکردنەوە بوون. یەکێك لە کوڕەکان پڕیدایە هێلکەکە و لە ڤووزی ستاند و لە دارێکی ڕاکێشا. هێلکەکە شکا.



خوشکەکەی ڤووزی کەمێك بیری کردەوە و دواتر گوتی: “ڤووزی، براکەم، ئەو دیارییانە بە لای منەوە هیچ گرنگییەکیان نییە. هەتا کیکەکەش بۆم گرنگ نییە! ئێمە هەموومان پێکەوە لێرەین و من خۆشحاڵم! ئێستا بڕۆ جلە جوانەکانت بپۆشە و وەرەوە ئەم ڕۆژە جێژن بگرین!” ڤووزیش ئەو کارەی کرد.

ڤووزی گریا و گوتی: “ئەو چیت کرد؟” ئەو هێلکەیە بۆ دروستکردنی کیك بوو. کیکەکەش بۆ شاییەکەی خوشکم بوو. بڵێێ خوشکەکەم بڵێ چی ئەگەر کیکی زەماوەندەکەی نەبێ؟



ڤووزی بە گریانەوە گوتی: “دەبێ چی بکەم؟ ئەو مانگایەی ڕای کرد دیاری بوو، ئەو کایە وەستاکان پێیان دابووم لەبەر ئەوەی گۆچانەکەیان شکاندبوو. باخەوانەکان ئەو گۆچانەیان پێ دابووم لەبەر ئەوەی هێلکەی کیکەکەیان شکاندبوو. کیکەکەش بۆ زەماوەندەکە بوو. ئێستا نە هێلکە هەیە، نە کیك و نە هیچ دیارییەکیش.”

کوڕەکان نارەحەت بوون لەوەی کە ئازاری ڤووزیان دابوو. یەك لەوان گوتی: “ئێمە ناتوانین لە دروستکردنی کیك یارمەتیت بدەین، بەڵام ئەم گۆچانە بۆ خوشکەکەت ببە.” ڤووزی بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن.



بەڵام مانگاکە لای ئێوارێ ڕای کردەوە بۆ لای جوتیارەکە. هەروەها ڤووزی لە ڕێگادا ون بوو. ئەو زۆر درەنگ گەیشتە زەماوەندی خوشکەکەی. میوانەکان دەستیان بە نانخواردن کردبوو.

له ڕێگای ماڵەوە دوو پیاوی بینی کە خەریکی خانوو دروستکردن بوون. یەکێك لەوان پرسی: “ئێمە دەتوانین ئەو گۆچانە بەهێزەی تۆ بەکار بێنین؟” بەڵام گۆچانەکە بۆ میچی خانووەکە زۆر بەهێز نەبوو و شکا.



مانگاکە زۆر دڵگران بوو لەوەی کە ئەوەندە نەوسن بووە. جوتیارەکە ڕازی بوو کە ئەو مانگاکە وەکوو دیاری ببات بۆ خوشکەکەی. دواتر ڤووزی بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن.

ڤووزی گریا و گوتی: "ئەوە تۆ چیت کرد؟ ئەو گۆچانە دیارییەك بوو بۆ خۆشکەکەم. باخەوانەکان ئەوەیان پێ دابووم لە جیاتی ئەوەی کە هێلکەی کیکەکەیان شکاندبوو. ئەو کیکەش بۆ شاییەکەی خوشکم بوو، بەڵام ئێستا نە هێلکە هەیە، نە کیك و نە دیارییش. بڵێی خوشکم بڵێ چی؟"



ڤووزی بە گریانەوە گوتی: "ئەوە چیت کرد؟ ئەو کایە دیاری بوو بۆ خوشکم. ئەوە وەستاکان پێیان دابووم لەبەر ئەوەی گۆچانەکەیان شکاندبوو. ئەو گۆچانەش باخەوانەکان پێیان دابووم لەبەر ئەوەی هێلکەکەیان شکاندبوو کە بۆ دروستکردنی کیك بوو. ئەو کیکەش بۆ زەماوەندیی خوشکەکەم بوو. ئێستا نە هێلکە هەیە، نە کیك و نە دیارییەکیش، تۆ بڵێی ئێستا خوشکم بڵێ چی ؟"

وەستاکان زۆر دڵگران بوون لەشکاندنی گۆچانەکە. یەکێك لە وەستاکان گوتی: “ئێمە ناتوانین لە دروستکردنی کیك یارمەتیت بدەین، بەڵام هەندێك کا ببە بۆ دروستکردنی خانوو بۆ خوشکەکەت.” دواتر ڤووزی بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن.



لە ڕێگا، ڤووزی جوتیارێکی بینی کە مانگایەکی پێ بوو. مانگاکە گوتی: “چ کاییەکی بەتام، دەتوانم هەندێکی لێ بخۆم؟” تامی کایەکە زۆر خۆش بوو و مانگاکە هەمووی خواردا!